ژمارەی داهاتوو:
« ئەدەبیاتی گێڕانەوە لەناو مێژوودا
« گفتوگۆ لەگەڵ د. هاشم ئەحمەدزادە

ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

ژمارە (21) دووشەممە 2017/5/29 email: bijar.hekim@rudaw.net www.rudaw.net


# ماڵی هێمن موکریانی
# چووە ریزی مۆزەخانە گرنگەکانی ئێران



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ماڵی هێمن موکریانیی شاعیر بەشێوەیەکی فەرمی چووە ریزی مۆزەخانە گرنگەکانی ئێران و وەک باشترین و گرنگترین مۆزەخانەکانی ئێران هەڵبژێردرا.

سەلاح پایانیانی، بەڕێوەبەری ماڵی هێمن بە ئەدەب و کولتووری ڕووداوی ڕاگەیاند: "ماڵی شاعیر و ئەدیبی دیاری کورد هێمن موکریانی لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک باشترین و گرنگترین مۆزەخانەکانی ئێران دیاریکراوە و لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە نازناوی مۆزەخانەی باڵای پێدراوە".

بەڕێوەبەری ماڵی هێمن دەڵێ: "ماڵی هێمن موکریانی کە ماوەی سێ ساڵە بووەتە مۆزەخانە، لەنێو چوارسەد شوێن کە بۆ مۆزەخانە کاندیدکرابوون، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بەفەرمی وەک بیستەمین مۆزەخانەی گرنگی ئێران دەستنیشان کرا".

لەبارەی ماڵی هێمنەوە، سەلاح پایانیانی هەروەها گوتی: "بەپێی بڕیاری حکومەتی ئێران دوای ئەوەی ماڵی هێمن موکریانی وەک مۆزەخانەی نیمچە دەوڵەتی ناسێندرا، ئیدی وەک مۆزەخانەیەکی هەمیشەیی دەمێنێتەوە و کەس مافی داخستنی نابێت".

هێمن نازناوی نووسەر و شاعیری دیاری کورد سەید محەممەد ئەمینی کوڕی سەید حەسەنی شەیخولئیسلامی موکرییە. ساڵی 1921 لە گوندی لاچینی نزیک شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە و 16ی نیسانی 1986 لە ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە.

# ئێران سانسۆر لەسەر
# ڕۆمانێکی شێرزاد حەسەن
# هەڵدەگرێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور


حەسار و سەگەکانی باوکم کە یەکێکە لە ڕۆمانە دیارەکانی شێرزاد حەسەن، دوای سێزدە ساڵ سانسۆر لەسەر بەشێکی ڕۆمانەکە، لە ئێران دووبارە مۆڵەتی چاپکردنی وەرگرتەوە و بەمنزیکانە ڕۆمانەکە بەزمانی فارسی بڵاودەبێتەوە.

مەریوان هەڵەبجەیی، نووسەر و وەرگێڕ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر و سێزدە ساڵ لە سانسۆر لەسەر بەشێکی ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم کە لە نووسینی ڕۆماننووس شێرزاد حەسەنە، توانیم جارێکی دیکە مۆڵەتی چاپی وەربگرمەوە و ڕۆمانەکەش لە کۆتایی مانگی حوزەیران بەزمانی فارسی لەلایەن ناوەندی چشمەی ئێران چاپ و بڵاودەبێتەوە.

لەبارەی قەدەغەبوونی ڕۆمانەکە، مەریوان هەڵەبجەیی گوتی: " یەکەمجار لە ساڵی 1998 ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم بۆ زمانی فارسی وەرگێڕا، بەڵام لەلایەن دەزگای سانسۆری ئێران زیاتر لە پازدە لاپەڕەی سانسۆر کرا و دواتر مۆڵەتی چاپبوونیان پێدا و منیش بەو بڕیارە ڕازی نەبووم، بەڵام ئێستا خۆشحاڵم کە ڕۆمانەکە بەبێ سانسۆر ڕەزامەندیی چاپبوونی وەرگرتووە و دووبارە چاپ دەبێتەوە".

مەریوان لەبارەی ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم دەڵێ: "شێرزاد حەسەن یەکێکە لە ڕۆماننووسە دەگمەنەکانی کورد. یەکێک بووە لەو نووسەرانەی کە ئەدەبیاتی کوردی لە لەیەکچوون و دووبارەبوونەوە ڕزگار کرد و هاوکات نووسەرێکە کە چیرۆکی کوردی لە بێ ڕۆحی زیندووکردووەتەوە".

شێرزاد حەسەن ساڵی 1952 لە هەولێر لەدایک بووە و ساڵی 1975 بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە. خاوەنی 10 کتێبە بەناوەکانی: گوڵی ڕەش، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، حەسار و سەگەکانی باوکم، دواشەوی دابەزینی عیسا، پیرەپەپوولەکانی ئێواران، تەنیایی، گەڕەکی داهۆڵەکان، تەمی سەرخەرەند، ژنێک بەسەر منارە و خەونی جالجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن.







جان دۆست بۆ ڕووداو: مێژووی شارەکەم نووسیوەتەوە

# ڕۆمانی کۆبانێ
# لە تورکیا بڵاوکرایەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆماننووسی دیاری کورد جان دۆست، لە ڕێوڕەسمێکدا لە تورکیا نوێترین ڕۆمانی بەناوی کۆبانێ بڵاوکردەوە و واژۆی لەسەر کتێبە تازەکەی کرد.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی 26ی ئایاری 2017، نووسەر و ڕۆماننووسی دیاری کورد" جان دۆست" لە ناوچەی بەی ئۆغلوو لە شاری ئیستەنبوڵی تورکیا، لە ڕێوڕەسمێکدا نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی " کۆبانێ" بڵاوکردەوە و واژۆی لەسەر کتێبەکەی بۆ ئامادەبووان کرد کە لەلایەن وەشانخانەی دارا چاپ بووە.

لە ڕێوڕەسمەکەدا وێڕای ئەوەی ڕۆمانەکە بەسەر خوێنەراندا دابەش کرا، هاوکات جان دۆست، مێژووی نووسین و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە. ڕۆمانی کۆبانێ لەلایەن جان دۆستەوە بەزمانی عەرەبی و کورمانجی لە دوو بەرگدا چاپ کراوە.

جان دۆست بە (ڕووداو)ی گوت: "من ڕۆمانەکەم سەرەتا بە زمانی کوردی نووسی، پاشان بە زمانی عەرەبی. ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانی شارەکەی خۆمە کە حەڤدە ساڵە نەمبینیوە. ئەو شەڕەی تێیدا ڕوویدا وای کرد یادەوەرییەکانم وەک کانی بتەقنەوە و دیمەنەکانی هاتنەوە بەر چاوانم. من هەم مێژووی شارەکەم نووسیوە هەم ئەو شەڕەی تێیدا ڕوویدا و هەم پەرێشانیی میللەت و ڕووداوی دیکەم گێڕاونەتەوە".

شاعیر ، نووسەر و وەرگێڕ جان دۆست، ساڵی 1965 لە کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژیی تەواو کردووە. لە ساڵی 2000ەوە لە ئاڵمانیا دەژی. سەرەتا بە شیعر دەستی بەکاری ئەدەبی کردووە و یەکەمین دیوانی ( قەڵای دمدم) ساڵی 1991 لە ئەڵمانیا و پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئەستەمبووڵ بڵاوکردووەتەوە.

چەندین کتێبی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە. وەک مەم و زینی ئەحمەدی خانی، کە ناوی ناوە (الدر الیمین فی شرح مم و زین)، بە چوار چاپ لە دیمەشق و بەیرووت بڵاوبووەتەوە. کتێبی (عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادییە)ی مەلا مەحمووی بایەزیدی و ڕۆمانی (لابیرەنتا جنان- متاهە الجن)ی حەسەن مەتی بۆ پرۆژەی ئەلکەلیمە کردوونەتە عەرەبی و لە ئەبوزەبی چاپکراون. جان دۆست خاوەنی هەشت ڕۆمانە بەناوەکانی: مزاباد، سێ هەنگاف و سێدارەک، میرنامە، مارتینێ بەختەوەر، عشیق المترجم، دم علی المئژنە، نواقیس روما و کۆبانێ.

# ڕۆماننووس

# کارەکتەرەکانی لەکوێوە دەهێنێت؟



حەمە فەریق حەسەن

سەرەتا، با بزانین کارەکتەر چییە و چلۆن پێناسە دەکرێت؟ من هەوڵ دەدەم بە کورتی لە ناسینی کارەکتەر نزیک ببمەوە. قارەمان یا کارەکتەر، تاکێکە بە هەموو ئاکار، بیچم، هزر، خولیا و جووڵەیەوە، بە کۆمەڵێک نیشانە و سیفەتی تایبەت بە خۆیەوە جیادەکرێتەوە و دەناسرێت. واتە ئەو مرۆڤێکە یان گیاندارێکە لە تاکەیلی دەوروبەری خۆی ناچێت. مەرجیش نییە دیوی دەرەوە و ناوەوەی هاوسەنگ بن. ئەوە کارەکتەرە کە ڕووداوەکان دەخولقێنێت و گەشەیان پێ دەدات.

هێندێک کارەکتەر خۆیان لە واقیعدا هەن. وەک کەسێتییە مێژووییەکان، پادشا، سەرۆک، زانا و مرۆڤە یاخییەکان. ئەوەندە هەیە، نووسەر دێت پەلیان دەگرێت، بۆ ناو چیرۆک یان ڕۆمانی خۆی دەیانهێنێت و ئەرکیان بەسەردا دابەش دەکات. لێ ئەو، کارەکتەرەیل کوتومت وەک چۆن خۆیان لە واقیعدا هەن، ناگوێزێتەوە، بەڵکو دێت بڕێک، یان زۆر لە خەیاڵی خۆی تێکەڵ بەوان دەکات. ئەو دێت دەستیان پێدادەهێنێت. بەشێوەیەکی ئەوتۆ هەڵسوکەوت و ئەدگاریان دەگۆڕێت کە بە ئاسانی نەناسرێنەوە. جاری وا هەیە کارەکتەری پەراوێزخراوی ئەوتۆ نێو ئاپۆڕای خەڵک بەسەردەکاتەوە، تۆ ئەگەر لە شەقام و بازاڕان بیبینی، سەرنجت ڕاناکێشێت، هەر لاشی لێ ناکەیتەوە، بەڵام نووسەر دێت بە جۆرێک ئەو تاکە پەراوێزخراوە دەخاتەکار، لەڕێی جووڵە و ژیان و گوزەرانی ئەوەوە، تۆی خوێنەر بە ژیان و گوزەرانی توێژێکی کۆمەڵ، ئاشنا دەبیت. کەسیەتییەکەیش، وەهای لێ دێت، لەڕێی هەڵسوکەوتییەوە، تۆی خوێنەر ڕکت لێی ببێتەوە، یانژی لەگەڵیدا هاوئاهەنگ بیت و پێی سەرسام بیت.

جار هەیە تۆی خوێنەر، لە سەمتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا هەست دەکەیت کەسیەتیی لەو ڕەنگە، یان نزیک لەو دەناسیت و دیویشتە، یان هەست دەکەیت ئەو کەسیەتییە لە ئاکار، توانا و مگێزی خۆتەوە نزیکە. پێچەوانەکەیشی هەر دروستە. بەو واتایەی جار هەیە وا هەست دەکەیت، ئەوە یەکەم جارتە تاکی لەم جۆرە دەبینیت. ئەوەندە کردەوە و نیازەکانی سەیر و نامۆن، تۆ وا هەست دەکەیت کەسیەتیی وەهات لە ژینگەی خۆتا بەرچاو نەکەوتووە. بۆیە بە فزوولەوە شوێنی هەنگاو و بەسەرهاتی دەکەویت، تاکو بزانی ئەنجامی بە کوێ دەگات.

بڕێک جاران، نووسەر دێت وەک نموونە، کەسیەتی هەڵدەبژێرێت. نموونە بە واتای قارەمانی نموونەیی نا، بەڵکو بە واتای ئەو کەسێتییە نموونەیە بۆ گرووپەک، چینێک یان توێژێکی ناو کۆمەڵ، یانژی نموونەیە بۆ چالاکی و دیاردەیەکی مرۆڤانە. لێرەدا نووسەر دێت، زۆر ئاکار و پاشخان و نیازەکانی ئەو توێژەی کۆمەڵ، لەم کەسیەتییە باردەکات.

دەشێت کارەکتەرەیل لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا هەبن، یان لە کۆندا لەو جۆرە هەبووبن. ئەوەندە هەیە نووسەر بەشوێنیاندا دەگەڕێت، دەیاندۆزێتەوە، دەیانخاتە کار و دەیانجووڵێنێت. بەو واتایەی بەڕەوڕووی ملانێ و کێشەیان دەکاتەوە. ئیدی ئەوان خۆیان کێشە و تەنگژەکان بەڕێوەدەبەن و بەرەوپێشەوەیان دەبەن. خۆیشیان وەک کارەکتەر بەرجەستە دەبن. بەو واتایەی ئەو ناتوانێت سەد لە سەد بیانخولقێنێت. بڕێک جاران، بەشێک لە کەسیەتیی خۆیشی تێکەڵ بە ئاکاری قارەمانەکان، یان تێکەڵ بە یەکێک لەوان دەبێت. نووسەر دەکارێت کارەکتەری وەهایش بخولقێنێت دژ بە دیدو مگێزی خۆی بێت. جار هەیە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمان، بە ژمارەیەک کەسیەتیی فرە خولیا و فرە مگێز دۆرپێچ کراوە. ئەم جۆرە کەسیەتییانە ڕۆڵیان لە خولقاندنی قارەمانی دیکەدا دەبێت. واتە هێندێک جاران، ژینگە و دەوروبەر کارەکتەر دەخولقێنن، شکڵگیریشی دەکەن. لە دۆخی وەهاشدا دەشێ بڵێین، ئەوەیان جۆرە کارەکتەرێکە، ڕسکاوی ژینگە و دەوروبەری خۆیەتی.

نووسەر لای خۆیەوە، ڕای خۆی لەمەڕ هەرکام لە قارەمانەکان هەیە، داخۆ کەسێکی ترسنۆکە، ڕاڕایە، خراپە، حولحولییە، بێ هێزو بێ ئیرادەیە، کەلەڕەقە، وشکە ئاینیی ناحاڵییە، شەڕانییە، خێرەومەندە و دلۆڤانە... وەلێ ئەو ڕاستەوخۆ ئەم سیفەتانەیان بەیان ناکات. بەڵکو بە هەڵسوکەوتیاندا، ئاکاریان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. چونکە ڕۆماننووس خۆی ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئەرکی گێڕانەوە بەرەوڕووی حیکایەتبێژێک، یان پتر دەکاتەوە کە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، یان ڕۆمانەکەی گونجاو بێت.

قارەمان لە ژینگەیەکدا دەجووڵێت کە خۆی بە تەنیا نییە. بەڵکو ئەو بە ژمارەیەک کەسانی دیکەی جیاواز و بە هەلومەرجی تایبەت دەوردراوە. هەر یەکێکیش لەوانە بە جۆرێک بیردەکاتەوە و بە جۆرێکیش هەڵسوکەوت لە تەک ئەوانی دیکەدا دەکات. واتە کارەکتەر کار لەوان دەکات و ئەوانیش کار لەم دەکەن. دەیان کێشە و تەنگوچەڵەمە دێنە پێش و سەرهەڵدەدەن. ئەویش تاکێکە بە هەلومەرج و بە هەمەڕەنگ کەسیەتی دەورە دراوە. بۆ نموونە هەلومەرجی کاری دەستەجەمعی وا لە مرۆڤی خاوخلیچک دەکات، بکەوێتە دەستوبرد و گورج ببێتەوە، تاکو ئەویش فریای دەستوبردی دەوروبەری بکەوێت و لەگەڵیاندا دەربچێت. وەک هەلومەرجی دروێنە و زبارە.

یان دەکرێت قارەمان کەسێکی لەرزۆک و بێهێزی ئەوتۆ بێت، بڕوای بە توانای خۆی نەبێت، وەلێ دوای ئەوەی ماوەیەک لە ڕیزی مەفرەزەیەک پێشمەرگەی بە ئەزموونداوە دەمێنێتەوە، ئیتر ئەویش چاوی دەکرێتەوە. واتە دەوروبەر بە ئەرێنی کاری تێدەکەن. ئیدی دوای ماوەیەک بڕوا بە خۆی پەیدا دەکات و دەبێت بە کەسێکی کردەی بڕوابەخۆ. واتە کارەکتەر هەیە لە سەمتی ڕۆماندا قاڵ دەبێت. ئەرێنی بێت یان نەرێنی، گۆڕانی بەسەردا دێت. کەواتە قارەمانی ڕۆمان کوارگ نییە لە پڕێکدا هەڵبتۆقێت. بەڵکو بڕێک جاران، ڕووداوەکان ئەویان داڕشتووە، هەروەک چۆن ئەوی کارەکتەر دەتوانێت ڕووداو دروست بکات. کەواتە دەشێ بڵێین، کارەکتەر و ڕووداو پێوەندیی دیالەکتیکییان پێکەوە هەیە، کار لە یەکتری دەکەن.

ئەگەر سەرلەبەری ئەو کارەکتەرانەی، کە لەنێو ڕۆمانێکدا کاران و لە ملانێدان، دروستکراوی زەینی نووسەرەکەی بن، ئەوا بێ ئیرادە دەردەچن و دەبن بە کارەکتەری کارتۆنی. چونکە ئەوانە بەبێ فەرمانی نووسەر ناتوانن دەست بە ئاودا بکەن.

بەشێکی ئەم کەسیەتییە لە داهێنان و دۆزینەوەی نووسەر خۆیەتی. بەڵام ئەو پاشخانی سیاسی، هزری و فەرهەنگیی خۆی هەیە. هێندێک جاران، ئەگەر کەسیەتی ناکامڵ بێت، ئەوا نووسەر ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی ڕاوێژکاری ئەو دەگێڕێت. وەلێ تەنیا ڕێ و شوێنی پیشان دەدات. لە هەمان کاتدا، مەرج نییە ئەو کەسیەتییە هەموو شتێک بە قسەی نووسەر بکات. باشترین دۆخیش ئەوەیە، کاتێک ڕۆماننووس، جڵەوی قارەمان و ڕووداوی لەدەست بەردەبێت، ئیدی کار بەو ئاقارەدا دەڕوات کە لۆجیک بەسەریدا دەیسەپێنێت. نەک بە فەرمانی سەرەوە، واتە نەک لەلایەن نووسەرەوە بخرێنە گەڕ. بۆیە ڕووداوەیلی ڕۆمان زیاتر بەم شێوەیە بەڕێوە دەچن.

ئەگەر کارەکتەرەیلی ڕۆمان و چیرۆک، هەموویان مرۆڤی دونیادیدە و ڕووناکبیر بن، واتە ڕۆماننووسان هاتوون، توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیان؛ کە زۆرینە ناڕووناکبیرن، پەراوێز خستووە.

(سعید الکفراوی) کە چیرۆکنووسێکی پڕ بەرهەمی وڵاتی میسرە و لە نەوەی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووە، لە سەمتی گفتوگۆیەکدا، کە (سلوی عبدالحمید) لەگەڵیدا ئەمجامی داوەو لە ڕۆژنامەی (الحیاە) دا، ڕۆژی 2013/8/20 بڵاوبووەتەوە، لەوێدا کفراوی دەیگێڕێتەوە، دەڵێت، دوای ئەوەی لە سەردەمی حوکمڕانیی جەمال عەبدولناسردا زیندانی دەکرێت، وەختێ ئازاد دەبێت، یەکسەر دەچێت بۆ کۆڕێکی نەجیب مەحفووز لە (مقهی ریش). کفراوی خۆی دەڵێت: نەجیب مەحفوز داوای لێکردم، بە درێژدادڕییەکی بێزارکەر، تەواوی بەسەرهاتی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. منیش گوتم: بەیانیان دوو کەس لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکردم بەو حسێبەی گوایە من کۆمۆنیستم. ئێوارانیش دوانی تر لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکردم بەو حسێبەی گوایە من ئیخوانیم. بە درێژایی شەش مانگان ئاوا مامەڵەیان لەتەکدا کردووم، منیش نە ئەمیانم نە ئەویان... من هەستم بە ئازارێکی زۆر بە ڕوخساری نووسەری گەورەوە کرد. بە هەڵچوونەوە پێیگوتم: (ئەم قۆناغە خراپەی ژیانت بسڕەوە!) دوای شەش مانگان، وەختێ ڕۆمانی (الکرنک) بڵاوبووەوە. نەجیب مەحفوز دەستی خستە سەر شانم، گوتی: کفراوی، تۆ ئیسماعیل ئەلشێخی ناو ڕۆمانەکەی!

# وێنە تاریکەکەی شانۆکەمان



حەمەسوار عەزیز

من لە ڕابردوودا و لە چەندین وتاردا باسم لە کاریگەریی ئەرێنی دیاردەی شانۆی ئەزموونگەریی کوردی کردووە کە لە نێوەڕاستی هەشتاکانی سەتەی ڕابردوو سەری هەڵدا، ئەزموونگەری توانی شانۆی کوردی لە دەستەمۆبوونی بابەت و پەیامی گوتراو ڕزگاربکات و دەروازەی بەشێوەکردنی شانۆ و داڕشتنی پەیامی بینراو بەسەر شانۆی کوردیدا بکاتەوە. ئەمڕۆ لەم وتارەدا لەسەر کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو دیاردەیە بەسەر شانۆکارانی دوای نەوەی ئەزموونگەرییەوە هەڵوەستە دەکەم و هەوڵ دەدەم قسە لەسەر ڕووبەری کارکردنی کۆمەڵێک شانۆکاری گەنج بکەم کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەتەی ڕابردوو وەک نەوەی دووەمی ئەزموونگەرایی لە شانۆی کوردیدا خۆیان نمایش کردو هەوڵیان دا بەشێوەو شێوازی دی کار لەنێو فۆرم و شانۆی ئەودیوی وشەدا بکەن، ئەم دیاردەیەش بەشێوەیەک لە شێوەکان تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە و گەنجەکان خۆیان بە میراتگرو ڕۆڵەی شەرعیی ئەو هزرە دەزانن و تا ئێستاش لە شێوەو فۆرمی هاوشێوە و جیاواز کاری تێدا دەکەن.

سەرەتا دەبێ بۆ ئەوە بگەڕێمەوە کە خودی دیاردەی ئەزموونگەری دیاردەیەکی ئەرێنییە لە مێژووی شانۆدا و ئەو لێکەوتە سلبییەی کە نەوەی دوای ئەزموونگەری تێیدا گیرۆدە بوون، هیچ ئۆباڵێکی ناخاتە ئەستۆی شانۆکارانی ئەو دیاردەیە، چونکە ئەگەر لە پشت فۆرمی شانۆی ئەزموونگەری هزرێک و تیۆرێکی پێشوەختە هەبوو کە شانۆی ئەزموونگەری دابڕانێک لەگەڵ مێژووی حەفتا ساڵەی شانۆی کوردی دروستبکات و لە سەرەتایەکی تازەوە دەستپێبکات، ئەوە بوونی ئەو هزر و دیدگە هونەرییە لە شانۆکارانی نەوەی دوای ئەزموونگەریدا زۆر بە لاوازی دەردەکەوێت، بەشێوەیەک زۆرێک لەو فۆرمە هونەرییانەی کە لەم بوارەدا نمایشکراون، خاڵی بوون لە هزر و لۆژیک و زیاتر شۆڕبوونەوە بوون بەرەو دنیای لاسایکردنەوە و تەمومژاویکردنی وێنەی شانۆ بە چەندین کەرەستە و جووڵەو پێکهاتە کە لە سیاقی نمایش ئامانجێکی دیاریکراوی نییە و شانۆ وەک کۆلاجێکی ئەبستراکت وێنا کراوە. من بێگومانم کاریگەربوونی شانۆکارانی ئێمە بە ئارتۆ و گرۆتۆفسکی و بڕۆک و بیکێت و باربا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێی سەرچاوەی نادروستەوە یەکێکە لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ئەو وێنە تاریکەی کە ئێستا بەشێک لە شانۆی ئێمەی داپۆشیوە، سەرچاوەکانی مەعریفەی ئێمە بۆ تێگەیشتن لەو ناوانەی سەرەوە هەمیشە سەرچاوەی ناتەواو یا دروست نەبوون، زۆر لە ئێمە لەڕێی نووسەر و شرۆڤەکارانی عەرەبەوە ئاشنایەتیمان بە دیدگەو جیهانبینی ئەو نووسەرانە پەیدا کردووە، زۆر لەو شرۆڤەکارانەش زۆر بە موبالەغە و زێدەڕۆیی وێنەیەکی نادروستی فۆرمی کارکردنی ئەو شانۆکارانەیان بە ئێمە ئاشنا کردووە و وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکەی لێهاتووە و تا ئێستاش زۆر لە شانۆکارەکانمان لەنێو ئەو تۆڕەدا گیرۆدە بوون. بەشێک لە شانۆی ئێمە لەژێر کاریگەریی ئەو وێنە شێواوەی کە پێمانگەیشتووە، شانۆکەمان پڕ کردووە لە وێنە و کەرەستەی جۆراوجۆری بێ دەرتان و بێ پێناسە و نەکیرە، شانۆکەمان هەمیشە پڕە لە کۆمەڵێک کەرەستە کە هیچ ئایکۆنێک دروست ناکەن و هیچ ئاماژەیەک هەڵناگرن و ناتوانن ماناو دەلالەت بەرهەم بهێنن لەنێو سیاقی نمایشدا، سەیری هەر نمایشێک دەکەیت تەژی کراوە لە (ماسک، پێڵاو، تۆڕ، جلی ڕەش، بانیۆ، کڵاوی سەربازی، جلی کۆنە، دار، بەرد، خۆڵ، پەیژە، ئەکتەری ڕووت و....تاد)، هەموو ئەمانە بەشێوەو قەبارەی جیاواز شانۆیان لێ داگیرکردووین و نمایشیش تەواو دەبێت، زۆر لە کەرەستەکان نەک هەر نابن بە بەشێک لە فۆرمی شانۆکە و ئاماژە و دەلالەت هەڵناگرن، بەڵکو دەبن بە بارگرانی و ڕێگر لەبەردەم ئەکتەر و زۆرجار لەنێو ئەو هەموو ئێکسسوارە سەیر و عەنتیکانە، ئەکتەر ون دەبێت و هەستی پێناکرێت.

ئەگەر باسی جووڵە و غارەغاری ئەوسەر و ئەمسەری شانۆ بکەم، ئەوە کارەساتێکی دیکەیە کە بەشێک لە شانۆکەمان بووەتە مەیدانی ماراسۆن و هەر ئەکتەرە بەولاو بەملای شانۆدا ڕادەکات و هەموومان تووشی گێژبوون و ژانەسەر دەکات و شانۆ دەبێتە بازاڕی هەڕاجخانە و کەس نازانێ ئەم هەموو جووڵە و غارەغارە چ ئامانجێکی لەپشتە، لەوەش کارەساتتر جووڵەی دووبارەو سەدبارەی دەستەکانە کە لە هەر نمایشێکدا بەشێوەیەک لە شێوەکان جووڵەی پێدەکرێت و دەستەکان بە کراوەیی بەرەو ئاسمان بەرز دەکرێنەوە و دەیان جووڵەی سەیروسەمەرەی پێدەکرێت، یان ئەو گوریس گوریسێنە وەهمییەی کە چەند ئەکتەرێک لە دوو بەرەوە ئیحای ئەوەمان پێدەدەن گوایە یەکتری ڕادەکێشن، ئەمانە و دەیان جووڵەی نامۆ کە نە فۆرمێکی هونەری و ئێستاتیکییان هەیە و نە مانایەک لە سیاقی نمایش بەرهەم دێنن، دوای ئەوەش کۆمەڵێک هاتوهاوار و غەڵبەغەڵب و قیژەو دەنگی نامۆ، هاوشان لەگەڵ مۆسیقایەک کە لە کەوالیسەوە دەڕوات و جگە لە کوشتنی چێژ و بێزارکردن هیچی تر بە بینەر نابەخشن. لەوانەش وێرانتر کۆمەڵە ئەکتەرێک دەخەنە سەر شانۆ، سیخناخیان دەکەن بە جووڵەی توندوتیژ و هاتوهاواری بێ بنەماو پێکەنین و گریانی هەزەلی و هەڵپەڕین و کەوتن و هەڵسانەوە و ڕاکردن بەرەو هەموو پانتاییەکانی شانۆ و پێکداهەڵپژان و ئازاردانی یەکتری و.... تاد، کۆمەڵێک وێنەی لەمشێوەیە کە خەریکە حەزی بینینی شانۆ و چێژمان تێدا تیرۆر دەکەن و بێز لە شانۆش بکەینەوە. ئەوەی بەلای منەوە زۆر کارەساتە، ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو گەڕەلاوژەیە لە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەوە سەرچاوەی گرتووە و هەموومان خەریکە وەکو یەک کار دەکەین. ئەگەر نمایشێک ببینی، وەکو ئەوە وایە زۆر لەو نمایشانەت بینیبێت کە هاوشێوە کار دەکەن و هەمان ئاواز دەژەنن، گوایە ئەم فۆرمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەبێ شانۆ وەک هونەرێک بینەر بەرەو بیرکردنەوە و تێڕامان ببات، هەندێک پێیانوایە تەنیا ئەو فۆرمە شانۆییە نامۆیە وادەکات کە بینەر بجوڵێنێت و ئەکتیڤی بکات، چونکە پێیانوایە هەر شتێک کە ناڕوون و تاریک بوو، بینەر زیاتر سەرسامی دەبێت و ڕێزی لێدەگرێت. بیریان چووە شانۆکارانی وەک شکسپیر و برێخت و چێخەف لە فۆرمێکی زۆر لەوە ئاسانتر و ڕەوانتردا بینەر دەجوڵێنن و تەماس لەگەڵ بینەر دروستدەکەن. من بەمدواییە سەیری (هاملێتی شکسپیر) م کرد لە دەرهێنانی (پیتەر بڕۆک)، هیوادارم هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەو تێگەیشتنەی سەرەوەیان بۆ کاری شانۆیی هەیە و هەمیشە نموونەی بڕۆک و گرۆتۆفسکی لەسەر زمانیانە، هەوڵ بدەن ئەو نمایشە ببینن، ئینجا تێدەگەن ئێمە لە چ ئاقارێکین و ئەوان لە چ ڕووبەرێکی تردان.

لەو نمایشەدا بڕۆک هیچ گۆڕانێک لە تێکستەکەی شکسپیردا ناکات و تەنانەت هەموو دیالۆگ و دیمەنەکان بە ڕیزبەندی خۆیان دروستدەکاتەوە، بەڵام لە ڕێگەی چەند کەرەستەیەکی سادەوە هەوڵ دەدات دونیابینی خۆی بۆ ئەو تێکستە وێنا بکات بێ ئەوەی هیچ تێکشکاندن و وێرانکارییەک لە تێکستەکەی شکسپیردا بکات، بڕۆک لە نێو سینۆگرافیایەکی سادەدا بونیادی کۆشکی پادشایەتی دەنێت وەک ئەوەی گاڵتە بە فەخامەت و گەورەیی پادشاکان بکات و موڵکەکەیان بە شتێکی بێ بەها بچوێنێت، ئەوەتا هەموو ئێکسسوارە شاهانەکان ئەوەندە هەژارن تا ڕادەی بێبەهابوون. هاملێت کەسێکی ڕەشپێستە، ئەوەش ئاماژە و دەلالەتێکی ڕوونە بۆ ئەو مەینەتییەی تا ئێستا ڕەشپێستەکان بەشێوەیەکی گشتی بەدەستییەوە دەناڵێنن لە دەمارگیری و جوداخوازی و سەیرکردنیان وەک خەڵکانی پلەدوو، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ جۆرە شمشێرێک لەنێو نمایشەکەدا نییە و لە کاتی زۆرانبازییەکان ئەکتەرەکان بە دوو قەمیشی سادە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، وەک ئاماژەی ئەوەی کە مرۆڤەکان بۆ کوشتن و لەناوبردنی یەکتر پێویستیان بە چەکی تەقلیدی نەماوە، ئێستا دەتوانرێت لە ڕێگەی دەستنان بە دوگمەیەک، شارێک و وڵاتێک خاپوور بکرێت.

من لێردەدا مەبەستم نییە شرۆڤەی نمایشی هاملێتی پیتەر برۆک بکەم، بەڵام تەنها وەک نموونە هێنامەوە کە دەرهێنەرێکی گەورەی وەک برۆک چۆن لەڕێگەی کەرەستە و ئامرازی سادەوە جیهانبینی خۆی دەگەیەنێت بێ ئەوەی پەنا بباتە بەر تەمومژ و تاریکی و مەتەڵی سەیر و سەمەرە کە زۆر جار خودی دەرهێنەرەکە خۆی سەری لێدەرناکات، ئێستاش لای ئێمە هەندێک دەرهێنەر کە کار لە تێکستێکی شکسپیر یا چێخەف یا هەر نووسەرێکی گەورەی جیهاندا دەکەن، ئەوە دەکەونە وێزەی تێکستەکە و بەشێوەیەک دەیشێوێنن کە زۆرینەی کارەکتەرەکان بونیادی خۆیان ون دەکەن و هێڵی درامیی تێکستەکە تەفروتونا دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان کارەکتەر لادەبەن و کارەکتەر زیاد دەکەن، گوایە ئەوانە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ ئەو تێکستە دەکەن، لە کۆتاییشدا شتێک پێشکەش دەکەن کە نەوەک هەر لە شکسپیر و چێخەف ناچێت، مرۆڤ هەست دەکات ئەمە سوکایەتیکردنە بەو تێکستە مەزنانە کە بەشێکن لە کولتوری مرۆڤایەتی.




## ماری قسەیفی بۆ ڕووداو:

# ڕۆژێ باوەڕم وا نەبووە کە نووسین جیهان بگۆڕێ



ماری قسەیفی، ژنە شاعیر و ڕۆماننووسی لوبنانی، ساڵی 1960 لە ناوچەی ڕەیحانەی بەیرووت لەدایکبووە. ماوەی بیست و پێنج ساڵە لە بواری فێرکردندا وەک مامۆستا کار دەکات و لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لوبنان و وڵاتانی عەرەبی نووسینی بڵاوکردووەتەوە. یەکێکە لە ژنە شاعیرە بەناوبانگەکانی جیهانی عەرەبی و خاوەنی چەندین خەڵاتی عەرەبییە بۆ ئەدەبیات. لەم هەڤپەیڤینە تایبەتەدا وەڵامی پرسیارەکانی ئەدەب و کولتووری ڕووداو دەداتەوە.

هەڤپەیڤین: نیگا



**ئەدەب و کولتوور: شیعر لای تۆ بووەتە پیشە ؟**

**ماری قسەیفی:** هەموو هونەرەکان بەگشتی من وەک پیشە نایانبینم، هەرچەندە هەقە وەک هونەرەکانی میوزیک و وێنەکێشان ڕێز لە شیعر بگرین. بەڵام شیعر ناکرێ ببێتە پیشە و مەرجدار بکرێت بەهیچ ئایدیۆلۆژیایەک. لەوانەیە شیعر دەرباز نەبێ لە کۆتی پابەندبوونی پیشەیی، لەبەرئەوەی تا ئێستا خۆم بە شاعیر نازانم لەوانەیە بە میزاج و شێتێتی شیعر بنووسم، بەڵام هێشتا لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەی شیعردانیم کە هەیەتی، شاعیر دەبێت لەبەرامبەر شیعردا هەستیارانە مامەڵە بکات، چونکە شیعر پەیامێکی هەستیاری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شیعر بۆ مرۆڤایەتی دەنووسرێت و دەبێت ئەو بەرپرسیارێتییە بە ئەمانەتەوە بگەیێنی.

**ئەدەب و کولتوور: تۆ پێشتر باسی ئەوەت کردووە کە نووسین ئیشی فریاکەوتنە. ئایا نووسین فریاتکەوتووە؟**

**ماری قسەیفی:** نووسین نەیتوانیوە ڕزگارم بکات لە شێتێتی، لەوەی کە ئێمە تێیدا دەژین، تەنانەت زۆرجار دەپرسم چارەنووسی ئەوانە چییە کە نانووسن، یان ئەوانەی لەو ژیانە دەیبینن و ناتوانن بە شێوەیەک دەریببڕن. من نانووسم تا ڕزگارم بکات، خۆی نووسین کاری فریاکەوتنە و فریاگوزارە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێ باوەڕم وانەبووە کاری نووسین جیهان بگۆڕێ، بەڵام باوەڕم هەیە خاوەنەکانی دەگۆڕێ، ئەوەی ناگۆڕێ دوای نووسینی کتێبێک، یان خوێندنەوەی دەق و ڕۆمانێک، شایەنی ئەوە نییە وشەی بخرێتە بەرچاو.

**ئەدەب و کولتوور: تۆ لە شیعردا کار لەسەر زمان دەکەیت یان وێنەی شیعری؟ نووسینەکانت هەر بۆ مرۆڤە یان بۆ سروشتیشە؟**

**ماری قسەیفی:** وەک گوتم من خۆم بە شاعیر دانانێم، بۆیە وادەڵێم بۆ ئەوەی ئازادبم و پابەندنەبم بە هیچ چوارچێوە و ڕێبازێکی ئەدەبی. من لەیەک کاتدا بیرۆکەی زمانم هەیە و زمانیش بیرۆکەیەکی سەرەکییە بۆ شیعر، بۆیە پێموایە من کار لەسەر هەردووکیان دەکەم. لە یەککاتدا لەوێنەی شیعریدا دەمەوێ تازە و شۆڕشگێڕانەو ئاژاوەچی بێ زمانەکەم و هەروەها دەمەوێ زمانێکم هەبێ تایبەت بەخۆم بێت. زمانێک کە وشە و داڕشتنەکانی خەسڵەتی تایبەتی منیان وەرگرتبێت، من لە شیعردا بۆ زمانێکی قورس ناگەڕێم کە پڕبێت لە ئاڵۆزی، هێندەی ئەوەی دەگەڕێم بۆ مۆسیقا و ڕێکوپێکی لە دەنگی وشەکاندا تا بتوانم یاری بە وشەکان بکەم وەک چۆن منداڵ یاری بە کەوچکی خواردن دەکات.

**ئەدەب و کولتوور: خاوەن کراسە شینەکە کە لە شیعرەکانی تۆدا ئامادەیی هەیە، کێیە؟ خەیاڵە یان واقیع؟**

**ماری قسەیفی:** ئەوە حاڵەتێکی شیعرییە و لە واقیعدا نییە .ئەو پیاوێکە لە زەمەنێکدا پیاوەتی تێدا بووەتە شتێکی دەگمەن. مەبەستم نێربوون نییە. ئەو کەسێکی سەربەست و ئازادە. خاوەن کراسە شینەکە شاعیرە لە سەردەمێکدا کە شیعر بووەتە تاوان و نەفرەت و جنێو.

**ئەدەب و کولتوور: زۆربەی نووسینەکانت دەربارەی ژن و ئازارەکانی و خۆشەویستییە، هۆیەکەی نەمانی خۆشەویستی و عەشقە لەم سەردەمەدا؟**

**ماری قسەیفی:** ئەو ژنەی زاتی ئەوەی نەبوو خۆشەویستی بکات، یان ڕێگریی لێکرا. ئەوە دەبێتە قوربانیی سەردەم و بۆچوونەکانی خەڵکی لەو زەمەنەی تێیدا دەژی . ئەو ژنەی ئازاری هەیە لە نووسینەکانمدا ئەوەیە کە دەترسێ و ژێردەستە و ئارەزووەکانی دەشارێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا نابێت ژن شەرم بکات، دەبێت ژن هەموو شت بەخۆی ڕەوا ببینێ و ئەمەش پێویستی بە زیرەکیی زۆر هەیە تا بتوانی ژنێکی زیرەک بیت و بتوانی هاوسەنگی دروست بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم کێشەی کۆمەڵگە تەنها ژن نییە لە واقیعدا، بەڵکو پیاوە، پێش ئەوەی باسی ژن و پیاو بکەین، پێویستە کێشەی مرۆڤ چارەسەر بکەین. بەگشتی باسی کێشەکانی مرۆڤایەتی بکەین و منیش ئەو خاڵەم لە شیعردا بەکارهێناوە، گرنگە بۆ ئێمەی ئەدیب لەڕێی ئەدەبەوە ئازارەکانی مرۆڤ و کێشەکانی باس بکەین و نەترسین، کاتێک ژنیت و ناترسیت کەواتە باش دەنووسی.

**ئەدەب و کولتوور: بۆ ئەوەی چاونەترس بیت و ژنانە بنووسیت دەبێت چۆن بیت؟**

**ماری قسەیفی:** ئەوەی بنووسێت پێویستی بە کەس نییە، لە نووسیندا ئەوەی دەیەوێ وەریدەگرێ و وادەکات ئازابێت و چاونەترسانە کاری خۆی بکات. بوێری نەک بەتەنیا بۆ شاعیر، بەڵکو بۆ هەموو کەسێک گرنگە. بوێری بۆ من شتێکە لەناخەوە هەڵدەقوڵێ. زۆر وادەزانن نووسینەکانم دەربارەی خۆشەویستیی و ئازایەتیمە، بەڵام چاونەترسیی من لە ئازاری جەستەمەوە دێ کە بەمنداڵی تووشی ئیفلیجی بووم و کە شەڕ دەستیپێکرد وڵاتم جێنەهێشت. کاتێک کە لە بەرانبەر خاوەن کارەکەم دەوەستمەوە و هەڵەکانی پێدەڵێم ئەگەر زۆریش بکەوێ لەسەرم، یان هەموو شتێک ناوی خۆی لێدەنێم، ئەم جۆرە چاونەترسیە قورسترە لەوەی کە پەیوەندی بە باسکردنی خۆشەویستی و سێکسەوە هەبێ. من دەنووسم بۆئەوەی خۆم بم و دەشمەوێ بەو بوێرییەوە لەشیعر و ئەدەبیات، تەنانەت لەژیانی ڕۆژانەشمدا ئاوا بمێنمەوە .

**ئەدەب و کولتوور: ئەدەبی عەرەبی ئەمڕۆ لە چ دۆخێکدایە ؟**

**ماری قسەیفی:** ئەدەبی عەرەبی بەگشتی و لوبنانی بەتایبەتی هەندێ بابەت و شێوازی لەخۆگرتووە کە بەلای منەوە زۆر گرنگ نین. لە وڵاتانی عەرەبی تا ئەندازەیەک دەسەڵات هەوڵ دەدات نووسینە ئەدەبییەکان لە بەرژەوەندیی خاک و وڵاتی عەرەبی بن، من وای دەبینم کە ئەدەب پێویستی بەوە نییە دەسەڵات هەوڵ بدات بەلای خۆیدا ڕایبکێشێ. ئێستا ئێمە لە قەیرانداین و توانای دیاریکردنی ناسنامەی خۆمان نییە . زۆر باوەڕم بە گشتگیری نییە بۆ ئەدەبی عەرەبی کە لە باکووری ئەفریقاوە بیگرێتەوە تا فەلەستین و لوبنان و سووریا و عێراق، چونکە هەر ناوچە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و بە ئەدەبی خۆی دەناسرێتەوە. بەڵام بەگشتی ئەدەبی عەرەبی لە قەیراندایە و توانای دیاریکردنی ناسنامەی خۆی نییە و قەیرانی ناسنامەی هەیە.

**ئەدەب و کولتوور: وا نابینیت کاتێ ژن ئازایانە و چاونەترسانە دەنووسێ، دنیا ڕەنگین دەکات؟**

**ماری قسەیفی:** هەموو نووسینێکی ژنان چاونەترسیی تێدانییە. هەندێ کاڵوکرچ و هەندێکی پابەند بە دابونەریتن. ئازایەتی ئەوەیە ژن خۆی بناسێت و لە خۆی ڕازی بێت، هەوڵی سەربەستیی بیری بدات تا دەگاتە سەربەستیی جەستەیی. ئێمە هەموو دەمانەوێ ببینە شاعیر ، کەچی ڕۆشنبیرەکان و فەیلەسووفەکان کە کەمن لە وڵاتانی ئێمە، هەموویان نەفرەتلێکراو و چەوساوەن، ئایا هەموو ئەوەی دەتەوێ لە شیعر دەستتدەکەوێ؟ کاتێ لە نووسینی شیعر یان ڕۆمان یان وتارێک شتێکم دەستبکەوێ، ئیتر هیچ نادۆزمەوە بینووسم، لەبەرئەوەی دەمەوێ کەرەستەکانی نووسینم ئازایانە و چاونەترسانە بێت نەک شتی ئاسایی و دووبارە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی ژنان بەتایبەتی ئەدیبان، دەبێت بوێریی و ئازایەتیمان ببێتە بەرهەمێک کە خوێنەر چێژی لێوەربگرێت و ئەدەبەکە بەزیندوویی بهێڵێتەوە.

> ❝ لە شیعردا بەدوای زمانێکی قورسدا ناگەڕێم
>
> ❝ ئەدەبی عەرەبی لە قەیرانی ناسنامەدایە
>
> ❝ دەبێت خوێنەر چێژ لە ئازایەتی نووسینەکانمان وەربگرێت

# گەر ئێوارە هاتەوە

■ چیرۆکی: محەممەد سەعید هاشم

■ لە عەرەبییەوە: بەختیار عەلی محەممەد

**ـ ئەم شەقامە چەند درێژە دایکە !**

دایکەکە دەستبەجێ بە زمانێکی وشک و توند وەڵامی دایەوە: "دەگەین".

لەو کاتەدا کوڕەکە سەرە بچووکەکەی بەرزکردەوە و بە سەرسوڕمانەوە سەیری ڕوخساری دایکی کرد و لە ماندووبووندا هەناسەبڕکێی بوو، چونکە شوێن هەنگاوە گەورەکانی دایکی کەوتبوو، بە هەنگاوە بچووکە خێراکانی وا دەردەکەوت ڕابکات. نەیتوانی وشە کەڵەکەبووەکانی سەری گیربدات، وەک کەسێک پێشبینی شەڕێکی ئاشکرا بکات بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

**ــ بۆ کوێ ؟**

دایکی لای بۆ کردەوە و بە توندی لێوەکانی خۆی گەست و کوڕەکەش چاوەکانی دایکی بینی دەبریسکانەوە و پڕبووبوون لە فرمێسک. سەیری کرد و چاوڕێی وەڵامی دەکرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی دەستنەکەوت ، بەڵکو دایکەکە گەڕایەوە بۆ سەیرکردنی پێشی خۆی لە ڕێگە درێژەکەدا، کوڕەکە هەستی بە دەستە گەورەکەی دایکی کرد لە جاران زیاتر بە توندی ڕایدەکێشی و ئەوەتا توندتر دەبێت، تاوەکو وای لێهات هەست بە سڕبوونێک بکات لە دەستە بچووکەکەیدا. ویستی دایکی لەوە ئاگاداربکاتەوە، بەڵام لە دوو چاوە فرمێسکاوییەکەی ترسا و بێدەنگ بوو. لەو شەقامە بێدەنگەدا بەردەوام بوون لە ڕێکردن. کوڕەکە خۆزگەی دەخواست دایکی قسەی لەگەڵ بکات و درێژە بە قسەکردن بدات، خۆزگە وەکو جاران هەندێک چیرۆکی بۆ بگێڕایەتەوە، بەڵام وا دەرکەوت لەم شەوە وشکەدا هیچ وشەیەک نادرکێنێ و هیچ بیر لە کوڕەکەی ناکاتەوە، بەڵکو بیر لەشتی دی دەکاتەوە. ئەگەر نا بۆچی باسی عفریتەکانی بۆ ناکات؟ یان لانیکەم پێی بڵێ بۆ چ جێگایەک دەڕۆن؟! دوێنێ شەوی بیرکەوتەوە کە لە نزیک مزگەوتە کۆنەکە بە سەریان برد و لەسەر شۆستەکە ڕاکشان. کوڕەکە لە سەرەتای شەوەکەدا دڵخۆش بوو، لە نزیک دایکییەوە خەوت و هیچ جووڵەیەکی نەدەکرد، بەڵام هەر کە بەرەبەیان نزیک بووەوە، کەشوهەوا زۆر سارد بوو، بەرگریی لێ نەدەکرا و تەزوویەکی سارد بە لەشیدا هات و خۆزگەی خواست بە شتێکی گەرم خۆی داپۆشێ، بۆ نموونە لێفەیەک یان بەتانییەکی سوفی ڕەش یان تەنانەت دیواری ئەم مزگەوتەیش بێت، لەشە بچووکەکەی خستە نێوان دەستەکانی دایکییەوە کە دەستبەجێ بە خەبەر هاتەوە و ڕاچڵەکا و هاواری کرد بە ڕوویدا و دواتر هەستایەوە سەرپێ. کوڕەکە مزگەوتەکەی بینی، لە ناخی خۆیەوە چپەی کرد "دەبێ وەکو دوێنێ لێرە بوەستین" بەڵام دایکەکە نەوەستا، بەڵکو بەرەو پێشەوە ڕۆیشت و بە دەستە زبرەکانی ڕایدەکێشا. کوڕەکە ئارامی لێبڕا و بە دەنگێکی پچڕپچڕ گوتی:

**ـ ئەمە ... مزگەوتەکە ... دایکە ...**

دایکەکە بە توندی و بۆ ماوەیەکی درێژ سەیری کرد، وەک ئەوەی هیچی نەبیستبێت، گوتی:

**ـ جلەکانت زۆر پیسن ...!**

**ــ جلەکانم زۆر پیسن ! ئەمە چییەتی بۆ یەکەم جارە پرسیاری جلەکانم دەکات؟**

" کوڕەکە بەڕێ کەوت و سەری پڕبوو لە بیرکردنەوەی زۆر: جلەکانی پیسن ... هەموو ڕۆژێک جلەکانی پیسن ... بۆچی ئەمڕۆ و بۆ یەکەمجار پرسیاری لێدەکات؟ هەستی کرد بزەیەکی سووک دەیەوێت لە لێوەکانیەوە دەرچن، ڕەنگە دایکی پۆشاکێکی نوێی بۆ بکڕێت. دەبێ لەمڕۆدا پارەیەکی باشی دەستکەوتبێت ... بەڵێ ... بەڵێ دەبێ هەر وابێت ... پیاوە شیکەکەی بیر کەوتەوە کە جلێکی جوانی لەبەردا بوو، چەند نەرمونیانە، بۆ ماوەیەک دەستیکرد بە قسەکردن لەگەڵ دایکی و لێی ڕاما و دواتر پارچە پارەیەکی گەورەی خستە دەستییەوە و ڕۆیشت ...کوڕەکە ویستی ئەو پارچەیە ببینێت و نەیتوانی، چونکە دایکی دەستبەجێ خستییە گیرفانییەوە و بە ئاگای هێنایەوە لە کارەکەی ... دەستیکرد بە هەناسەدانی زۆر خێرا و هەستی بە شتێکی تیژ کرد کە وەکو بزمار بە لای چەپیدا دەچزێت و ڕێگە لە هەناسەکانی دەبڕێت بۆ چوونە ژوورەوەی هەوا بۆ ناو سییە تەنگەکەی و بە هەناسەبڕکێ و هەناسەدانێکی زەحمەتەوە بە نزمی گڵماندی:

**ـ دایکە ...**

بەڵام هیچ گرنگییەکی پێ نەدا و بە توندی وەڵامی دایەوە :

**ـ دەگەین ...**

" بۆ کوێ خوایە، بۆ کوێ ؟ " ئەمە لە ناخی کوڕەکەدا دووبارە دەبووەوە، وەکو دەنگدانەوەیەک کە دەیەوێ لە ڕێڕەوێکی تەنگەوە دربچێت ... لەناکاو دایکی ڕایکێشا بۆ دەرگەی ماڵێکی گەورە، وایزانی لێرە لە پێش ئەم ماڵەدا دەخەون. خێرا دەستی لە دەستی دایکی دەربازکرد و لەسەر شۆستەکە بەسەر دەستە بچووکەکانیدا ڕاکشا، بەڵام دایکی بەرەو دەرگە دارینە نەخشێنراوەکە ڕۆیشت و دەستی بە دووگمەیەکی کارەباییدا نا، ڕێک وەک ئەوەی کە لە ڕۆژدا دەیکات ... ئەوە دەبێ؟ ئایا نانێک یان پارەیەکی پێدەدەن وەک ئەوەی لە ڕۆژدا دەیکەن؟ بە دڵنیاییەوە بە توندی قاوی دەدەن. بە دەنگێکی لەرزۆک و ڕاچڵەکاوەوە هاواری کرد:

**ـ دایکە ...**

**ـ هش ... کوێر بیت .**


کوڕەکە بەم وەڵامە تووشی شۆک بوو، دەبێ لەم کارەدا نهێنییەک هەبێت کە نایزانێت یان تێیناگات ... وەکو پەیکەر لە شوێنی خۆیدا وشک بوو، سەیری دایکی کرد و بە بەبێدەنگی چاوڕێی دەکرد پاش چەند چرکەیەک چی ڕوودەدات ... دەرگاکە کرایەوە و لێیەوە سەرێک دەرکەوت بە دوو چاوی بریقەدارەوە، هەمان ئەو چاوانەن کە پێش چەند کاژێرێک بە گرووتینەوە سەیری دایکیان دەکرد. ئەو هەمان کەسە کە پارچەیەکی گەورە پارەی دایە دایکی ... چەند باشە ... دووبارە پارچە پارەیەکی گەورەی پێدەداتەوە. بینی دایکی دەچێتە ژوورەوە بێ ئەوەی ڕێگەی چوونە ژوورەوە بەم بدات ... چۆن وێرای؟ ئایا بەتەنها جێیدێڵێ سەگەکان و عفریتەکان قەپی پێدا بکەن؟ بە دڵنیاییەوە دەگری و هاوار دەکات، دەبێت لەگەڵ دایکیدا بچێتە ژوورەوە. چۆن لەم تاریکییە ترسناکەدا بەجێیدێڵێت... پێش ئەوەی فرمێسک لە چاوەکانی بێنە خوارەوە، گوێی لە دەنگێکی زبر بوو هاواری بەسەردا دەکات :

**ــ وەرە ژوورەوە و لێرە بخەوە لەسەر ئەم سەکۆیەی نزیک دەرگەکەی ناوەوە و بەم نزیکانە دایکت دێتە دەرەوە ...**

لەو کاتەدا کوڕەکە دڵنیا بووەوە و بە هێواشی چووە ماڵەوە و لەشە ماندووەکەی فڕێدایە سەر سەکۆکە و خێرا خەو بە چاوەکانیدا هات ...لەبەرەبەیاندا بەهۆی سەرماوە و بەدەم لەرزەوە بە خەبەر هاتەوە و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و درکی نەکرد بەوەی کە بینی ... باخچە و گوڵە جوانەکان و سەکۆیەکی گەورە وەکو ئاوێنە بریقە دەداتەوە و دایکی بیرکەوتەوە، ئەو لە کوێیە ؟ لەخۆوە دەستیکرد بە گریان و دەنگی بەرز دەبووەوە و لەو کاتەد،ا دایکی لە پشتییەوە دەرگاکەی کردەوە و هاواری بەسەردا کرد کە بێدەنگ بێت... بەملکەچییەوە بێدەنگ بوو، ناوەناوە لەخۆوە دەنگی دەهاتە سەر و بە هەموو تواناییەوە هەوڵی دەدا هەناسەکانی گیربدات.

وا دەرکەوت دایکەکە سەری لێ شێواوە و بە شۆکەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. دەستە بچووکەکەی گرت و بە دەستە بە هێزەکەی فشاری خستە سەری و بەرەو بازاڕ بەڕێکەوتن. لەوێ دەستیان کرد بە گەڕان بە شەقام و کۆڵانەکاندا، لە دەرگەکان دەدەن و دەستیان پان دەکەنەوە بە ڕووی ڕێبوارانداو و لە کاتی نیوەڕۆدا دانیشتن بۆ خواردنی ئەوەی کۆیانکردووەتەوە ... کوڕەکە بە برسێتییەکی زۆرەوە و بە هەردوو دەستی دەیخوارد و سەر و لاشەی دەخوراند و وەکو تۆپەڵە قوڕێکی بۆگەن دەردەکەوت. دەمی پڕ کرد لە تیکەیەکی گەورەی تێکەڵی هەمەجۆر لە خواردن و پرسیاری لە دایکی کرد :

**ــ دایکە ... بۆ کوێ بڕۆین ... ئەگەر ئێوارە هاتەوە؟**



# چۆن درەوشانەوەی رژاوت کۆکەمەوە؟



کەریم دەشتی



**1**

کوانووی ئاگرەکەم پڕە لە هاواری دارکاژەکان
کتێبەکانم پڕن لە زایەڵەی حەرفە رژاوەکان
سەعاتەکەم پڕە لە ناڵەی زەمەنی بەسەرچوو
رەوەزەکانم پڕن لە زیرەی ئاسکە کوژراوەکان

**2**

دەتنووسمەوە لە نێو پەنجەم دەتوێتەوە
دەتخوێنمەوە لە پەڕی زمانم دەئاڵێی
دەتخۆمەوە لە سینەما دەبی بە بەرد
دەتهۆنمەوە لە گەردنم دەبی بە کۆت
کاتێکیش کە رەهات دەکەم
لەناو رۆحم دادەگیرسێی

**3**

هاوارێ دەبیستم زریکەی ئاسکی ئازادە
لەبەر ماشەی دیلیی راوچیدا
هاوارێ دەبیستم کوژرانی فڕینە
لەناو ورشەی دووری سووتانی پەڕوباڵ
هاوارێ دەبیستم شکانی یەقینی هاتنتە
لەنێو باخی مەحاڵ

**4**

زۆرجار ئەلفم هێندە درێژ کردووەتەوە
تا بگا بەدڵی تابان
زۆرجار شینم هێندە بە خوێن تۆخ کردووە
تا بگا بە شینی ئاسمان
بەڵام هەمیشە مەست بوومە
لەناو شینی گەرمی ژیان

**5**

تۆ نزیکێکی لە دوورەکان و رەشێکی لەنێو سپییەکان
تۆ نەوییێکی لە بەرزەکان و وەهمێکی لەنێو راستییەکان
شەوێکی لە رۆژەکان و رۆژێکی لەنێو شەوەکان
تۆ باوەشێکی گەرمی لەنێو رۆژگارە زوقم و ساردەکان
دۆستێکی چەند میهرەبانی لەنێو دژە دڵڕەقەکان
دەمەوێ لەناو لەپم بیت تا هەمیشە بۆنت بکەم
لەناو چاوم بیت تا هەست بە بینینم بکەم
لەناو دڵم بیت تا هەست بە هی خۆمیت بکەم

**6**

من پێویستم بە تۆ هەیە تا داگیرسێم
تا داگیرسێم من پێویستم بە تۆ هەیە
پێویستیی من بە تۆ تاریکیی ناو درەوشانەوەیە
درەوشانەوەی تۆ پەیمانەی من بەتاڵ دەکات
بۆیە زوو زوو دەکوژێمەوە
بەڵام هەمدیس لە خۆڵەمێشما دەدرەوشێیتەوە
چۆن درەوشانەوەی رژاوت کۆکەمەوە؟
کە تۆ هەمیشە پەیمانەم پڕداگیرسان دەکەیتەوە

**7**

کە بە رێگاکاندا گوزەر دەکەی
رووناکی وەک با بە ئاراستەی تۆ هەڵدەکات
من نوقمی ناو تاریکی و تارمایی دەبم
دەرکەوتنت رۆژهەڵات و رۆژاوا دروست دەکات

**8**

بۆ ئەوەی نەسووتێم دەچمەوە ناو ئاگر
بۆ ئەوەی نەخنکێم دەچمەوە ناو دەریا
بۆ ئەوەش تەڕنەبم دەچمەوە ژێر باران
تا نەخشەی بێتۆیی تێکبدەم
هەر دەبێ شکستی رەنگەکان چابکەم

**9**

من شەوێکم لە شەوە هەرە درێژ و تاریکەکان
من رۆژێکم لە رۆژە هەرە گەرم و تۆزاوییەکان
من خەونێکم لە خەونە هەرە تاڵ و سامناکەکان
شیعرێکیشم لەو شیعرانەی بە رستەیەک
تەختی هەبوون بلەرزێنێ
شاعیرێکم لەو شاعیرە خەمگینانەی بە وشەیێ
کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ

**10**

دەزانم بە بازدانم کۆتایی بە فڕین نایەت
بەڵام هەمیشە من هەر باز دەدەم
بەر لە من زۆر کەس بازی خۆیان دا
باڵی فڕینیان بۆ نەکرایەوە
ئێستاکەش قاچیان لە بەردەبازی ژیان گیربووە

**11**

گەوهەری زەمەنم کوشی
پەنجەی کاتم قرچاندەوە
زەمەن پڕ بوو لە دڵی شکاو
کاتیش پڕ بوو لە هاواری ئینسان
نەفرەتم کرد لە ئاوێنەی تەڵخی کات و
لە سووڕی بێمانای ژیان

**12**

هێندە بەرزم کردیەوە لە هەتەری چاوم نەمای
ئێستاکە چۆن فڕین لە شاباڵم بەردەم
کە تۆ لەناو دڵی گەرمی خۆرەتاوی
ئەگەر نزیکت کەومەوە ئاگر دەگرم
لەوسەرەوە بە خۆڵەمێشی دێمەوە

**13**

چاوم دا بە رووناکی کتێب، دڵم دا بە ئەوینی تۆ
تەمەنم بەخشی بە خەبان
رووناکی چاوی لێسەندم، ئەوینیش دڵی داخ کردم
خەباتیش ژینی تاڵ کردم

**14**

نیوە شەوێ پشکۆیەکم گرتە دەست و
بە قەڵەمێکی سپی نووسیمەوە
رستەکانی کۆتاییان نەدەهات تا گەیشتینە هەتاو
بە خۆڵەمێشی هاتینەوە

**15**

کەسێ دێ تۆزی شکست و ڕەشەبای مەرگی لێنیشتووە
کەسێ دێ باوەشی پڕە لە خەمگینی
دڵی پڕە لە برین و شانی لەژێر ئازارا دەچریکێنێ
کەسێ دێ یادەوەرییەکانی لەدەستداوە
زاکیرە ی خاپوور بووە و هیچ کەسێ ناناسێتەوە
کەسێ دێ ئێستا و رابردوو و ئایندەی لا نەماوە
ئەو کەسە منم، تۆی، هەموومانین
بەبێهوودە رادەکەین و دەجەنگین و دەجەنگین
بەڵام هەمیشە دەبەزین.